# پاشاژنی ئینگلیز و ٧٠ حوکم و بەدواچوونێک..

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢٢/٧/٢٤

***„ God Save the Queen„ خوادایە پاشا بپارێزە.***




دیاردەی کۆلۆنیالیزم و داگیرکارایی و ڕووتاندنەوەی گەلان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەتایبەت گرێ دراوە بە ڕۆڵی نەرێنی چەپەڵ و چاوچنۆکانەی ئینگلیز و ئەوەی کردوویەتی و گێڕاویتی لەتەواوی کیشوەرەکانی گۆی زەوی لە مێژوودا ...

ئەگەر ئێمە واز لە ڕۆڵی ئینگلیز لەسەر ئاستی ئەوروپا و ئەمەریکا بهێنین، وا لە ئاسیا و ئەفەریقادا، نەتەوە و وڵاتێک دەرک پێ نابەیت قوربانی سیاسەتی ئینگلیز نەبێت و گورزی بەر نەکەوتبێ..

سیاسەتێک لێوان لێو لە ناحەزایەتی و ڕووتاندنەوە و تەفرەدا و چاندنی تۆی دووبەرەکی و خۆخۆریی و بەجێهێشتنی هەزار گرێکوێرە بۆ میللەتانی بندەست لەدوای خۆیانەوە.

لەتەک ئەم ڕاستینە مێژووییەدا و بە تێخوێندنەوەی بارودۆخی کورد و کوردستان لەسەر بنەمای بابەتی و زانستی، قوربانی هەرە گەورەی سیاسەتی ئەم هێزە خوێنمژ و ، چەپەڵەی مێژووە. بێ ئەوەی درێژەی بدەمێ، بەندە لەزۆر نووسینی تردا ئاماژەم بەم خاڵە داوە.

پاشای بەریتانیا The Queen کە ناوی Elizabeth II بەتەمەنترین ئافرەتی دەسەڵاتدار لەمێژوودا دادەنرێ و 70 ساڵی ڕەبەقە تاجی پاشایەتی لەسەر ناوە..لە مێژوودا تەنها سێ پاشای تر لویسی 14 ی فەرەنسا نزیکەی 72 دەسەڵاتدار بووە و پاشایەکی تایلاند بهومبۆل ئادولیادیژ و یوهانی دووەم لیشتەنشتاین یەکی 70 ساڵ و چەند مانگێ حوکمییان بەدەست بووە. ئەوە ئیلیزابێت هەر لەتەمەندا و پێدەچێت ئەمانە تێپەڕێنێ .

ئیمساڵ 2022 بۆ ماوەی 4 ڕۆژ یادی پلاتینی ئەم شکۆ و تاجەی بۆ کرایەوە.. یادێک بە قاشکردنی کێکی تەمەن، بووە جێی سەرسوڕمانی هەموو جیهان.

من لە گەوهەردا سەرسامی سیستەمی پاشایەتی نیم، و بەشەوارەی هیچ تیۆریی و دەقی ڕەنگاوڕەنگی نێو کتێبیانیشدا نەکەوتووم. ئەوەی حەز و ئاواتی من دەیخوازێ، لە ئامانجی سیستەم ، دەسەڵاتێکە یەکسان و بێ چەوسانەوەی مرۆڤ بێت...مرۆڤەکان لە سایەیدا بەختەوەر و شکۆمەند بن.. گرنگە دەسەڵات چاوی

له بێدەسەڵات بێت و دادپەروەرانە دەستپاکانە کار و خزمەتکردن بە خەڵک پێشکەش بکا، پاشا بێت یان نالەسەر ڕەفتار و مامەڵەی وەستاوە.

ڕۆژانی 2-5 مانگی 6 ئەمساڵ چوار ڕۆژ ئاهەنگ و پشوو لەسەر شەقام و بەر ماڵ و کۆشکەکان گێردرا .. لە کۆشکی (باکنگهام )یش.. کە ژمارەی بەفەرمی 200 هەزار ئاهەنگی جۆراور بوو، بۆ خانمێکی میراتگری دەسەڵاتی پاشانشینی ئینگلیز کە 70 ساڵە تاجەکەی نراوەتە سەر... خۆی بەسواری کەژاوەیەکەوە لەتەک چەندین ئەستێرەی سیاسی و هونەریدا لەوانە ئاید شیرون و سروودی نەتەوەییان دەچڕی کە کۆپلەیەکی لەسەرەوە دانراوە خوایە پاشا بپارێزە.. بۆ ئەم ئاهەنگێرانە 950 شەقام کۆڵان ڕێگەی هاتوچۆیان لێ بەستن.لە 80 وڵاتانی Commonwealth لە نیو گرینلاندەوە تا نیوزیلاندا نزیکەی 600 جۆر خواردن ئامادە کرا و شەقامەکان ڕازێندرانەوە.

تیڤی، ڕادیۆ، ڕۆژنامەنووس ، هەواڵنێر، لەزۆربەی جیهاندا سەرقاڵی گوستنەوەی ئاهەنگەکەبوون.. گۆڤار، کتێب نووسران و بڵاکرانەوە و سەدان پسپۆڕ و شارەزای تایبەتی کۆشکی پاشایەتی و لێکۆڵەر و مێژوونووس و ئەدیب و هونەرمەند، بەشدارییان لەم بۆنەیەدا کرد و بەرز نرخاندیان .. بەشێکی ئاهەنگەکانی لەندەن بە نمایشتی سەربازی و بەشداری 1500 سەرباز و 200 پۆلیسی ئەسپسوار و تیپێکی موزیکی 400 کەسی بەڕێوە چوو.

لە ئاسمان فرۆکەکانی سەر بە کۆشکی پاشایەتی نمایشتیان دەکرد و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ژمارە 70 یان دەنەخشاند. پاشا زەنگی گەورەورەترین کارتدراڵی جیهان ی لێدا و دەست کرا بە نوێژ و نزا کردن و هەروەها لە وڵاتانی کۆمنولث پیرۆزکردنی(یوبیلی پلاتینی) ...جۆشی تێکەوت.

پاشا بە وتارێک سوپاسی هەموو ئەندامان و دراوسێ و هاورێکانی کرد... لە ناوەوەی و ئەوانی ژێر دەسەڵاتی کۆمنولث .. وەک ئوستراليا و کەنەدا و زۆر دورگەی ئەم جیهانە . **جۆن مێجەری** سەرەوەزیرانی پێشوو بۆ BBC دەڵێ: هیچ کەسایەتییەک و سەرەک وڵاتێ نابینم هێندە ئەم پاشا ئێلیزابێتی دووەمە خاوەنی کەسایەتی گەورە بێت .

پاشاژنی تەمەن 97 ساڵ تا ئێستا کاری لەگەڵ 14 سەرەکوەزیرانی کردووە و ڕایی کردوون.. لە چەرچڵەوە تا جۆنسن و ئەوە ئەمیشی پوول پێوەنا... 150 جارسەردانی وڵاتانی کۆمۆنویلثی کردووە 22جار بۆ کەنەدا، 13 جار بۆ فەرەنسا کە زمان و کولتوورەکەی باش دەزانێ و دەناسێ. لەسەرەتای دەستبەکاربوونییەوە یەکێ لە گەشتەکانی 168 ڕۆژی خایاندووە و 13 وڵات چووە... لە ڕۆژی لەدایبوونی 21 ساڵەیدا وتوویەتی: ژیانم چەند کورت یان درێژ بێت دەیبەخشمە خزمەتتانەوە...

هەزار کاری فەرمی ئەنجام داوە و کردووە. رەزامەندی لەسەر 4 هەزار پرۆژەی یاسایی داوە و پێشوازی فەرمی لە 112 کەسایەتی گەورە کردووە، وەک ئیمپراتۆری یابان1971& 1954 سەرۆکی پۆلۆنی ڤالیسا 1991 و ئوباما2011 .

لەژێر چاودێری خۆیدا 180 ئاهەنگی لە کۆشکی باکنگهام کراوە، نزیکەی 1,5 ملیۆن کەس بەشدارییان تێدا کردووە.. 13 سەرۆکی ئەمەریکای دیووە. یەکەم پاشای ئینگلیزە 1996بچێتە وڵاتی چین و لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا1991 وتار بدات..جێی سەیرە یەکەم نامەی ئەلەکترۆنی/ ئیمیلی ساڵی 1976ناردووە.

بەبۆنەی کردنەوەی يارييەکانی ئۆلۆمپیای 2012 لەگەڵ جێمس بۆندا بە پەرەشووت خۆی هەڵدایە خوارەوە...

ئێستا سەرپەرشتی 500 ڕێکخراو دەکات و 70 ڕاهێنان و فێرکردن و 30 ئاینی و 40هونەری و وەرزش. 300,000 کارتی پیرۆزبایی بۆ کەسایەتییەکان ناردووە بەبۆنە جیاجیاکانەوە بەتایبەت لەدایکبوونیانەوە. لەوانە 900 بەبۆنەی 60 پێکهێنانی هاوژینیانەوە. دەوڵەت دراوەکەیان وێنەی ئەم پاشاژنەی وا بەسەرەوە.. 35 زیاتر لە30 سەگی هەس لەوانە کۆرکیس کە تایبەتن. 4 پاپاشی دیووە و لەکردنەوەی هەزاران پرۆژەشدا ئامادە بووە..

2013 خەڵاتی BAFIA وەرگرت بەبۆنەی هاوکاریکردنی فیلم و زنجیرە تیڤییەکان..

ئەم تەختی پاشایەتییەی ئێستا وا چەسپاوە و مێژووی جیهان وا بەڕێزەوە سەیری دەکات، هەمووی بەروبوومی سیاسەتی چەپەڵ و حەرامزادانەی ئینگلیزە... ئینگلیز فەرەنسای لێ دەرچێ کە مێملێکی کلاسیکیەتی، دەنا هەموو نەتەوە و گەلانی تری دەوروبەری خۆی[ ئیرلەندی و وێڵز و سکۆتلەندی... هتد] ژێر چەپۆک خستووە، کیشوەر و زەریانی داگیرکردووە... رووتاندوونیەتەوە .لە خوارەوە ئینفۆگرافێکتان نیشان دەدەین، کە ئەم عەرشە لە کوێوە پارە دەچنێتەوە و چۆنی خەرج دەکات...




کورد هێشتا لەبەردەم نهێنی ئەو پرسیارەدا واقی وڕماوە، بۆ ئینگلیز هێندە دژی کورد و ڕێگربوون لە بەدەوڵەتبوونی؟؟ . بۆچی بۆ عەرەب چەندێن مسس بێل و لۆرانس پەیدا دەبێت و ئێمەش مێجەر سۆن؟!! ئینگلیز لەدێر زەمانەوە کلکی لەگەڵ فارسەکاندا گرێ داوە، لە کەڵەگایەتی تورکیش چاوپۆشی دەکەن!.. کەچی دژی هەر هەوڵێکی سەربەخۆیف کوردستانن و تابووری پێنجەمیان تێدا چاندووین... هەندێ جار بەرپرسە ئینگلیزییەکان وەرامی ئەم پرسیارە بەوە دەدەنەوە: کورد ئەوانی کوشتووە؟.. ئایا عەرەب لەوانی نەکووشتووە؟.. تورک هەروەها و فارسیش؟؟... ئینگلیزەکان بۆچوونێکی تریان هەیە! دەڵێن: کورد بۆتە هاوکاری عەرەب و فارس و تورک و دژی ئێمە وەستاونەتەوە! ئەمە ڕاستییەکی تێدا، بەڵام ؟..!

بەهەرحاڵ ئۆباڵی هەرە گەورەی هەڵنەهێنانی ئەم مەتەڵە وا لە ئەستۆی مێژوونووسانی کورد و سەرکردە و سیاسییەکانی دا ؟؟ نەک لەم بوارەدا هیچیان نەکردووە، بەڵکو بەشێکیان ملی خۆیان کردووە بە پەتی لەندەنەوە و هەر بۆ ئەوان کار دەکەن؟...!

تا ئەو کۆت و بەندە نێودەوڵەتییە تێکوپێک نەشکێنین، دەرەتانی رزگاربوونی کورد لەم کوێرەوەریی و ماڵوێرانییەی ساڵانی ساڵی مەحاڵە و سەرکەوتنی دوورە لە واقعەوە... ئاخر بە دیوێکی تردا، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆخۆیان بەچکەی ناشەرعی ئینگلیز و فەرەنسان و لێرەوە بەڕێوە دەبرێن.. کورد لە لەندەن خۆی بسەپێنێ، بە کاری لۆبیستی و دیبلۆماسی و تەماح خستنەبەر و گرتنەبەری رێگای تری تۆمارکردنی گازندەیی لە دادگا نێودەوڵەتییەکان لەسەر سیاسەتی کۆلۆنیالیزمانەی ئیمپریالیستانەیان، تاوەکوو شتی تریش بۆ کورد هەمووی رەوایە **"داون ستریت "** ملکەچی خواستی کورد بکرێت و ئەو نەخشە نێودەوڵەتییەی رۆژهەڵاتی ناوین هەڵبوەشێنێتەوە و لەسەرنەمای دادپەروەریی و مافی گەلان لەرووی مێژووییەوە بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان ..

گرنگە هەموو کوردێ بە چاوێ تاوانبارانە لە دوژمنانی نەتەوە و نیشتمانەکەی بڕوانێ، ئینگلیز دوو چاوی 60-70 ملیۆن کوردی لەسەر بێت...

ڕەوتی گۆڕان و پێشکەوتنەکانی ئێستا وا بڕوات ، تا بێت گرفتی ئابووریی و خۆ وەتاقخستنەوە و قەیرانی ناوخۆیی بەسوودی ئینگلیز نییە دەست لەیەخەی بەرنادەن.. بەواتای ئەوەی تا بێت قێزەون دەبن ، لۆژیک و حوکمی مێژووشە ناتوانن تا هەتایە پاشای سەرزەوی بن، هێدی هێدی کۆشک و تەلاریان دەڕمێ ... هەر نەبێت میللەتان ئێستا هوشیارترن لە جاران و تابێت دەسروپێوەندەکانی ئینگلیز ئاشکرا و ریسواتر دەبن و لەناو ئینگکستانیشدا، هێزێکی گەورەی چالاک لەنێو کۆچبەرانی جیاوازدا دروست بووە، بەتوندی دژی مێژووی کۆلۆنیالیزم و سیمبۆلەکانی ئینگلیز کار دەکەن.. تاریق عەلی نووسەرێکی بەرەچەڵەک پاکستانی، لە کتێبە نوێکەیدا:

Tariq Ali Winston Churchill: His Times,His Crimes 2022

شکۆی بە چەرچڵەوە نەهێشت، کە دیاترین سەرکردەی دوای دووەم جەنگی جیهانی ئینگلیز و جیهانە... بەبۆیەکا هەموو دەیانەوێ جارێکی تر رێگە بە سەروەریی ئینگلیز نەدەنەوە... بەواتای گلۆڵەیان کەوتۆتە لێژی...لەناو خودی بنەماڵەکەشدا کەسیان ناتوانن ڕۆڵی جاران بگێڕن و ئابڕووچوون و ڕیسوایی بەردەوام دایڕزاندوون.

بۆ کورد هونەر ئەوەیە بێ شەرم کار لەسەر ئەم تەوەرە بکات و دەست لەیەخەی ئینگلیز بەرنەدا، دەرفەت و هەلە زێڕینەکان بقۆزێتەوە و زیاتر ئەقڵ و لۆبی و دیبلۆماسی بخاتە گەڕ بۆئەوەی مافی خۆی لێ بستێنێتەوە.